



### حەسنا مەتەر:

# بەڵێنم بە پێشمەرگەکان دابوو لەکاتی سەرکەوتن گۆرانییەکیان بۆ بڵێم

**خانمە هونەرمەندی لوبنانی حەسنا مەتەر نوێترین بەرهەمی خۆی بڵاوکردەوە کە سروودێکی تایبەتە بە هزری پێشمەرگەی کوردستان بە ئەم مەبەستاش لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا کە لەشاری هەولێر بەڕێوەچوو، خاتوو هونەرمەند حەسنا مەتەر نوێترین بەرهەمی خۆی بەناوی(حیوا رجال پێشمەرگە) پێشکەشی ئامادەبووان کرد، ئەم گۆرانییە لە ئاوازی هەڵکەوت زاهیرو هۆنراوەی شاعیری ناسراو کەریم ئەلعیراقییە، دەزگای راگەیاندنی مەدا سپۆنسەری کلیپکردنی ئەم گۆرانییەی گرتۆتە ئەستۆ.**

لەبارەی ئەم گۆرانییەوە، حەسنا مەتەر گوتی: ماوەیەکی درێژە ئەم گۆرانییەمان ئامادە کردبوو، بەڵام چاوەڕێی کلیپ کردنی بووین، دەمویست ئەم گۆرانییە پێشکەشی پێشمەرگە بکەم لەکاتی سەرکەوتنی یەکجارەکی بەسەر تیرۆریستان، خۆشبەختانە لەئێستادا هێزی پێشمەرگە لە سەرکەوتنەکانی بەردەوامە.

گوتیشی: بەشێکی زۆر لە هونەرمەندە کوردەکان لە ماوەی رابردوودا سروودیان بۆ پێشمەرگە وتووە، بەڵام هونەرمەند عەرەبەکان ئەوانەی عێراقی نین، تا ئێستا هیچ بەرهەمێکیان تایبەت بە پێشمەرگە نییە، پێموابوو گۆرانییەك باس لە ئازایەتی پێشمەرگە بکات بە زمانی عەرەبی بایەخی خۆی دەبێت و زۆریش پێویستە، تاکو هاووڵاتی عەرەبیش بزانێ پێشمەرگە چ ئەرکێکی سەختی لەسەر شانەو تاکو ئێستاش بە سەرکەوتوویی ئەنجامی داوە. پێشمەرگە گیانی خۆی فیدا دەکات بۆ ئەوەی ئێمە بە سەربەرزی بژین، هیوادارم توانیبێتم خزمەتێکی بچووک پێشکەش بە پێشمەرگە قارەمانەکان بکەم کە بینەری عەرەبیش گوێی لێبێت، چونکە دوای ئەوەی کلیپەکە لە کەناڵی مەدا پەخش دەکرێت، هەوڵ دەدەین لە کەناڵە عەرەبییەکانی دیکەش پەخش بکرێت.

بیرۆکەی گوتنی سروودێک یان پێشکەشکردنی بەرهەمێک تایبەت بە پێشمەرگە دەمێکە لای حەسنا دروست بووەو لەمبارەوە گوتی: ماوەی دوو ساڵە چەندین جار لەبەرەکانی شەڕ سەردانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانم کردووە، وەك پاڵپشتییەك بۆ ئەو شەڕەی بەرامبەر تیرۆریستان دەیکەن، بەڵێنم پێدا بوون کە گۆرانییەکی تایبەتیان بۆ بڵێم



لەکاتی سەرکەوتندا، ئاوازەکەی لەلایەن هونەرمەرند هەڵکەوت زاهیر دانراوە کە هونەرمەندێکی ناسراوەو تا ئێستا ئاوازی بۆ دەیان هونەرمەندی کوردی و عەرەبی داناوەو لەم سروودەشدا زۆر لەگەڵ ئێمە ماندوو بوو، زۆریش هاوکاریی کردین. بەشێوەیەکی گشتی دەمەوێ ئەوە بڵێم کە من وەک هاووڵاتی و هونەرمەندێکی لوبنانی چەندین ساڵە لەو وڵاتە دەژیم، خۆم بە یەکێك لە دانیشتووانی کوردستان دادەنێم و زۆربەی خەڵکەکەی لە نزیکەوە دەناسم و خۆم بە قەرزاری پێشمەرگە دەزانم، بۆیە ئەرکی هەموومانە کە پاڵپشتی هێزی پێشمەرگە بکەین تا سەرکەوتنی کۆتایی، هەروەها حەزدەکەم ئاماژە بەوەش بکەم کە بارودۆخی سیاسی و سەربازی لوبنانیش تا رادەیەکی زۆر هاوشێوەی کوردستانە، ئەمەش کاریگەری لەسەر من هەبوو بۆ وتنی ئەم سروودەو پێشکەشکردنی بە خانەوادەی پێشمەرگە شەهیدە نەمرەکان و کەسوکاری پێشمەرگە سەربەرزەکان.

سەبارەت بە چۆنیەتی پێشوازیکردنی کلیپەکە لە وڵاتانی عەرەبی کە رەنگە رووبەڕووی رەخنە ببێتەوە، چونکە لە کلیپەکە جلوبەرگی کوردی پۆشیوەو ئاڵای کوردستان بەرزدەکاتەوە، حەسنا گوتی:

من شانازی بە پۆشینی جلوبەرگی کوردییەوە دەکەم و ئەو کلیپەم بە قەناعەتێکی سەد دەر سەد کردووەو بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم، بۆیە گوێ لەهیچ رەخنەیەك ناگرم، هەروەها لە وڵاتەکەی منیش (لوبنان) سوپا رووبەڕووی تیرۆریستان بۆتەوە، چۆن سوپای وڵاتی خۆم خۆشدەوێ بەو شێوەیە پێشمەرگەی کوردستانیشم خۆشدەوێ، چونکە وەک وتم پێشمەرگە لەبری هەموو جیهان شەڕدەکات بە وڵاتی منیشەوە، ئەو کلیپەشم پێشکەشە بە ئەوان و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم. هیوادارم ئەو هەورە رەشە بە زووترین کات لە کۆڵمان ببێتەوەو ئاهەنگ و خۆشییەکانمان دووبارە بۆ بگەڕێتەوە، من دەزانم تووشی رەخنە دەبمەوە، بەڵام ئەوەی ئەنجامم داوە کەمترین وەفایە پێشکەشی پێشمەرگەی بکەین، هەروەها من هەر لە منداڵییەوە حەزم لە وتنی گۆرانی نیشتمانی و سروود بووەو پێموایە هەر سوپایەک لە هەر شوێنێک بێت و لە پێناو پاراستنی خاک و وڵات و سەر و ماڵی خەڵکەکەی دژی هەر هێزێکی نەیار بجەنگێت، شایەنی رێز و تەقدیرە، ئەو جەنگەی ئێستا لە کوردستان هەیە، جەنگێکی جیهانییە لەگەڵ هێزێکی دڕندەو تاریکدڵ کە هیچ بەهایەک بۆ مرۆڤ دانانێ و پێشمەرگە دژی دەجەنگێ و گیانی خۆی دەکاتە قوربانی، بۆیە پێویستە جیهان رێز لەم خەباتەی پێشمەرگە بگرێت و شانازیی پێوە بکات.



# ئەنۆشکا گرفتی بۆ ژمارەیەک قوتابی هندستان دروستکردووە

ژمارەیەك قوتابی پۆلی نۆیەم لە قوتابخانەیەكی هیندستان گلەییان لە پرسیارێكی تایبەت بە پەروەردەی وەرزشی كردو لە هەمان كاتدا سەرسوڕمانی خۆیان لە پرسیارەكە دەربڕی، چونكە بە هیچ شێوەیەك پیوەندییان بەو بابەتانەوە نەبووە كە ئەوان لە ماوەی یەك ساڵی خوێندنەوە خۆیان پێوە ماندوو كردووە و خوێندوویانە.

پرسیارەكە لە قوتابخانەیەكی ناوەندی دەڤەری تشاتشای هیندستانەوە هاتبوو و لەو پرسیارەی كە قوتابیانی گلەییان لێی هەبوو ناوی خانمە ئەكتەری ناسراوی بۆلیۆد ئەنوشكا شارما هاتبوو هەرچەندە هیچ پیوەندییەكی بە پەروەردەی وەرزشییەوە نییە و لە بەشی پڕكردنەوەی بۆشاییی هاتبوو و پرسیارەكەش بەم شێوەیە بوو (ناوی هاوڕێی فیرات كولیی چییە، هەڵبژاردنەكانیش بریتی بوون لە ( بریانكا، ئەنۆشكا، دیبیكا ).

هەركەسێك لە هیندستان ئەگەر هەواداری سینەما یان یاریی كریكێت بێت ئەوە دەزانێت كە لە ساڵی ٢٠١٣ەوە ئەنۆشكا هاوڕێی فیرات كولیی كاپتنی هەڵبژاردەی هیندستانە، چونكە ئەم دووانە بە هۆی پەیوەندیی خۆشەویستییان بەردەوام هەواڵی گەرمی ڕۆژنامەنووسان بوون.



# پامیلا سەردانی دامەزرێنەری ویکیلیکسی کرد

خانمە ئەکتەری بە رەچەڵەك کەندی پامیلا ئەندرسۆن بەشێوەیەکی کت و پڕ سەردانی باڵیۆزخانەی ئیکوادۆری لە لەندەن کرد بۆ ئەوەی چاوی بە رۆژنامەنووسی و دامەزرێنەری ماڵپەڕی ویکیلیکش جۆلیان ئەسانج بکەویت و لەگەڵ خۆی برێك خۆراك و چەند کتێبی برد بۆ نێو باڵیۆزخانەکە.

پامیلا لە ساڵی ٢٠١٤ لە رێگای ڤیڤیان ویستوودەوە کە کچە نمایشکارێکی ناسراوە و بەم دوایيانە کتێبێکی چاپ کردووە بە ناوی (Get A Life: The Diaries of Vivienne Westwood) و بریتییە لە یاداشتەکانی خۆی و لەگەڵ خۆی دانەیەکی لە کتێبەکە، ئەمەش یەکەم سەردانی پامیلا نییە بۆ لای ئەسانج و پێشتر لە مانگی ئابی ٢٠١٤ جارێکی تر سەردانی کردبوو.

پێشتر بەرپرسە ئەمریکییەکان بە ئاشکرا هەرەشەی دەستگیرکردن یان کوشتنیان لە جۆلیان کردبووەو بە ئاشکراکردنی زانیاری و بەڵگەنامەی تایبەتی تۆمەتباری دەکەن لە چەند ساڵی رابردوودا کە دوايينيان چەند بەڵگەنامەیەکی نهێنی بوو دەربارەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی هیلاری کلنتۆن بۆ پۆستی سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا، ئێستاش خۆی لە باڵیۆزخانەی ئیکوادۆر لە لەندەن حەشارداوە دوای ئەوەی حکومەتی سویدی بە تۆمەتی دەستدرێژی سێکسی تۆمەتباری کرد و ئێستا لە هەوڵدایە بۆ دەستگیر کردن و رادەستکردنی بە ئەمریکا.



# سەنیم بە گەنجی لە پیربوون دەترسێ

هەرچەندە ئێستا تەمەنی خانمە ئەکتەری تورکی سەنیم ئۆزتورك پێی ناوەتەوە دەیەی سێیەم، بەڵام ئەو ئەکتەرە شۆخ و شەنگە بە ئاشکرا رایگەیاند کە ترسێکی زۆری لەوە هەیە لە تەمەنێکی زوودا تووشی پێستی چرچ بێتەوە وئەمەش نیگەرانییەکی زۆری بۆ دروستکردووە.

ئەو ئەستێرە تورکە کە بە (شوکران) ناسراوە ئەوەی ئاشکرا کرد کە بە هۆی بەشداری کردنی لە چەندین کاری هونەریدا پێستی تووشی مەترسییەکی زۆر هاتۆتەوە و لەم بارەیەوە وتی: خۆدانە بەر رووناکی بلاجتکۆرەکان لە ماوەی زیاتر لە ١٢ کاتژمێر بە مکیاژێکی زۆرەوە پێستی ماندوو دەکات، لە هەمان کاتدا هەرەشەی پیر بوون لە پێست دەکات ئەگەر ئاگاداری نەبین و بە وردی چاودێری نەکەین ئەویش لە رێگای ئەو کرێمانەی کە لە ماددەی سروشتی و بێ ماددەی کیمیاوی دروستکراوە، هەروەها پێویستە بۆ ماوەیەکی زۆر بخەوین.

هەر لەم بارەوە سەنیم دەڵێ: من بە شێوەیەکی بەردەوام هەفتانە سێ رۆژ مەشقی وەرزشی ئەنجام دەدەم و هەوڵ دەدەم مانگانە یەك جار پێستیم پاك بکەمەوە، هەروەها رۆژانە بەر لە نووستن مکیاژی دەم وچاوم پاك دەکەمەوە و تەنیا لەو کاتانەدا مکیاژ دەکەم کە پێویستم پێی بێ لەوانەش کاتی وێنەگرتن، بۆ ئەوەی رێگا بە پێستی لەشم بدەم کە بە ئاسانی ئۆکسجین وەربگرێت، سەرەڕای ئەمەش رۆژانە بەر لە نووستن ئەو کرێمانە بەکاردەهێنم کە لە ماددەی سروشتی دروستکراوە.

# سەرچاوەی هەموو قەیرانەکان بوونی کەموکوڕییە لە کەلتوور

ئەو بارودۆخەی کە ئێستا لە کوردستان هەیەو پێی دەڵێن قەیران، ئەگەر سیاسی، ئابووری، کەلتووری، حوکمڕانی بێت، یاخود بەسترابێتەوە بە پێوەندی نێوان میللەت و دەسەڵات، یان میللەت و سیاسەت، بە بۆچوونی خۆم هەمووی قەیرانی کەلتوورییە.
نەبوونی کەلتوور نارێکیی ژیانە، هەبوونی کەلتووریش واتە ڕێکخستنی ژیان بە هەموو بوارەکانەوە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، هونەریش بە هەموو ژانرەکانیەوە، سینەما، تەلەفزیۆن، مۆسیقا، گۆرانی و شێوەکاری بناغەی ئەم کەلتوورەیە، چونکە هونەر نەك تەنیا ناسنامەی میللەتانە، بەڵکو ناسنامەی میللەتانە ئێستا بۆ نموونە ئێستا سینەما لە پێشەوەی هەموو هونەرەکانە بۆیە دەڵێین سینەمای، ئەمریکی، یان فەرەنسی، یان ئیتاڵی، یان ئەڵمانی، لەجەنگی دووەمی جیهان پێش ئەوەی جەنگ دەست پێبکات، دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا داوایان لە نووسەران و ڕۆشنبیران کرد کە ڕۆمانی دراما ژاپۆنییەکان بخوێننەوە تاکو بزانن ئەو میللەتە لە چ ئاستێکدایە، کەچی ئێمە بەداخەوە لە ئێستادا خەریکە هەر هەمووی بدۆڕێنین، چونکە کەلتووری ئێمە بە ڕادەیەك لاواز بووە، تەنانەت یەکتر قبوڵکردنیش لای ئێمە ئەستەم بووە، لە کاتێکدا مرۆڤ دەبێ بەرامبەر خۆی قبوڵ بێ، بە هەموو بیروبۆچوونەکانیەوە، ئەگەر زۆریش جیاواز بن، چونکە هەموومان ئەندامی یەك کۆمەڵگەین و لە کۆتاییدا هەرچۆنێك بێت چارەنووسمان یەکە، بۆیە دەبێ مێژوویەك بۆ کورد تۆمار بکەین و نموونەیەکی سەرکەوتوو نیشان بدەین، کەچی بە داخەوە بە هەموومان نەمانتوانی ئەم کارە بکەین.
خودی دیموکراسییەت کەلتوورەو تۆ ناتوانی بە بڕیارێك دیموکراسییەت و حزبایەتی و سیاسەت بچەسپێنی لە نێو کۆمەڵگەدا، هەروەها هەڵسوکەوتی پیاو بەرامبەر بە ئافرەت و گەورە بەرامبەر بە بچووك و بەپێچەوانەشەوە ئەمانە هەموویان پێیان دەڵێن کەلتوور، نەبوون و لاوازی ئەم کەلتوورە وادەکات میللەتەکەت بەرەو نەمان بڕوات، بۆ نموونە ئەو بارودۆخە سەختەی ئێستا کوردستان و گەلی کورد پێیدا تێپەڕدەبێت لە ئەنجامی ئەوەیە کە خۆمان وابەستەی کەلتوورێك کردووە کە هیچ پێوەندییەکی بە کەلتووری کوردەوە نییە، بە دەیان ڕووداو لەو وڵاتەی ئێمە ڕوودەدات لە هەموو بوارەکاندا کە پێوەندی بە کەلتووری ئێمەوە نییە، بێ ئەوەی ئاگادار بین، هەموو کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بە ئاسمانی و لۆکاڵییەوە بە هەموو شێوەیەك خەریکی ئەوەن کە کەلتووری میللەتانی دیکە بەسەر ئێمە فەرز دەکەن، ئێمەش بە سنگ فراوانییەوە پێشوازی لەم هەموو کەلتوورە جیاوازانە دەکەین بێ ئەوەی دەرك بە زیانەکانی بکەین لە ئێستا و داهاتوودا، ئێستا هەستی نەتەوایەتی لای تاکی کورد زۆر لاواز بووە ئەمەش مایەی مەترسییەکی گەورەیە، چونکە لە سەردەمی ڕژێمی بەعس کە دڕندەترین و گەورەترین دوژمنی کورد بوو، پێشمەرگە قارەمانەکان لە شاخدا دژی ئەم ڕژێمە خەباتیان دەکردو گیانی خۆیان دەکردە قوربان، ڕۆشنبیران و نووسەران و هونەرمەندانیش لە شارەوە پشتگیری ئەم خەباتەی پێشمەرگەیان دەکرد، هەوڵیان کە خەباتی پێشمەرگە بۆ خەڵك ڕوون بکەنەوەو فێریان دەکردن گیانی کوردایەتی لە نێو دڵ و دەروونە ئەم میللەتە بروێنن و وابکەن، چۆن خاك و وڵات و پێشمەرگەیان خۆش بوێت و ڕێز لە خەباتی بگرن.
سیستەم و ڕژێمی بەعس زۆر دڕندە و بێ ویژدان بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا وای کردبوو کە ئێمە هەموومان بە شانازییەوە هەست بە کوردبوونی خۆمانەوە بکەین، کاتێك ئەکتەرێك بە ڕاستەوخۆ یاخود بە هێما باسی کوردستان و ناوی کوردستانی دەهێنا بەجۆرێکی وا ئەدای دەکرد کە هەستی هەموو خەڵکی دەجولاندەوەو کاریگەریی لەسەریان دەبوو، کەچی ئێستا بە هەزاران جار ناوی کوردستان بهێنی و تەنانەت ئەگەر باسی

**دڵنیام ڕۆژانی داهاتوو بۆ ئێمەیە، چونکە ئێمە بووین لەو کاتەی پێشمەرگە لە چیا خەباتی دەکرد، ئێمە سەرەڕای سەختیی بارودۆخەکە بە کەلتوور پشتگیریمان لە پێشمەرگە دەکرد**



سەعدون یونس
بۆ گوڵان نووسیویەتی

خەبات و قوربانییەکانی میللەتی کورد و کیمیاباران و ئەنفال بهێنی هەستی یەك کەسیش ناجولێنیّ، بۆیە هونەرمەند و رۆشنبیران و کەلتوورخوازان ئەرکێکی زۆر قورسیان لەسەر شانە بۆ ئەوەی مێژووی میللەتەکەیان دروست بکەن، بەڵام چی وایکردووە کە نەتوانین ئەم ئەرکە ئەنجام بدەین؟ بێگومان حزبایەتی و چوونە بن باڵی حزب و لایەنەکان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی نەتوانین بڕیارێکی دروست بدەین و بڵێین ئێمەش بەشێکین لەو مێژووەی کە دروستی دەکەین.

دەسەڵاتی زیرەکە ئەوەیە کە هەموو بوارێك بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی کەلتوور دەڕەخسێنیّ، چونکە خەڵك چەند هۆشیار بێت ئەوەندە زیاتر دەتوانێت لایەنی راست و باش هەڵبژێرێت و دەستنیشانی بکات، ئەوەندە مامەڵەیەکی جوان دەکات و لە ماڵی خۆیەوە دەست پێدەکات، کۆمەڵگەی خۆی دەپارێزێت و بەرەوە پێشەوەی دەبات، ئەوەند رێز لە بەرامبەرەکەی دەگرێت و قبوڵی دەکات، ئەمانە هەموویان نیشانەی پێشکەوتنن کە بەداخەوە تا ئێستا نەمانتوانیوە ئەمە بکەین، بۆیە پێویستە هەموو لایەك ئەوە بزانن بەتایبەتی دەسەڵاتداران کە مانەوەیان و جوانییان پێوەندی بە کەلتوورەوە هەیە، لەسەر سیاسەت و بەرنامەکانی خۆتان بەردەوام بن، بەڵام زەمینەیەکی باش و لەبار بۆ کەلتوورخوازانی کورد دابین بکرێت بۆ ئەوەی کاری جوان پێشکەش بکەن، من لە جیاتی حزبەکان بم هەر رۆشنبیرێك، هونەرمەندێك، نووسەرێك بیەوێت ببێتە ئەندام لەو حزبە بە هەموو شێوەیەك رەتی دەکەمەوە و پێی دەڵێم تۆ ئەندامی میللەتێکی و مەبە ئەندامی هیچ حزبێك، چونکە بوونی بە ئەندامی هەر حزبێك لەپێناو دەستکەوتنی چەند ئیمتیازاتێکە، بۆیە پێویستە چەترێك بۆ مسۆگەرکردنی ژیانی هونەرمەندان و کەلتوورخوازان دابین بکرێت.

هونەرمەندان بە خۆبەخشانە تا ئێستا چەندین بەرهەمیان پێشکەش کردووە، بەڵام تەنیا هونەرمەندان و بەشێکی زۆر کەمی هاووڵاتیان ئامادەی نمایشەکان بن و تا ئێستا نەمانتوانیوە خەڵك لە شەقام و ماڵ و چایخانەکان رایانکێشین بۆ ئەوەی بێن سەیری ئەم بەرهەمانە بکەن، کەواتە ئێمە پێویستە هەوڵی ئەوە بدەین چۆن جارێکی دیکە هۆڵەکان پڕ بکەینەوە لە بینەر و ئاشنایان بکەینەوە بە کەلتوور، من لێرەوە دەڵێم دامەزراندنی دەستەیەك بۆ پێشخستنی کەلتوور لە هەر شارێك ئەرکێکی پێویستە، لە هەولێر پێش شوێنەکانی دیکە پێویستە ئەم دەستەیە هەبێت کە لە ٥-٦ کەس پێك بێت و داوای ماف و زەمینەی پاراستنی کەلتوور لە دەسەڵات و خەڵك بکرێت و خەڵك ئاشنا بکرێتەوە کە بۆچی کەلتووری خۆی ناپارێزێت و بۆچی مێشك و چاو وهزرتان کردۆتەوە بۆ بینینی ئەو بەرهەمانەی کە ئێمە بە پارەی خۆمان دۆبلاژیان دەکەین و نمایشیان دەکەین، بێگومان ئەرکێکە قورسە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاسانیشە و هەنگاوی یەکەم لە دەسەڵاتەوە دەبێت، چونکە ئەگەر ئێمە کەلتوورخواز بواین ئەوا سوودێکی زۆرمان لەو ململانێیە وەردەگرت کە ئێستا لە وڵاتدا بوونیان هەیە، چونکە ناکریّ هەموو میللەت یەك بیروبۆچوونیان هەبێت و خودی ئەم جیاوازییانە بەشێکە لە کەلتوور و ئەو کات کوردستان دەبووە وڵاتێکی مەڵتی کەلتوور، بەڵام لوتکەی کەلتوورەکە دەبووە کوردایەتی و کوردستان لە قۆناغێکی دیکە دەبوو، بۆیە نابی کەلتوورخوازان بێدەنگ بن و دووربکەونەوە لە ململانێی سیاسی و دەست لەسەر هەڵەکان دابنێن، ئێستا هونەری کوردی کەموکوڕی نییە، بەڵام تا ئێستا نەمانتوانیوە پێشمەرگە وەك مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ وەك ئەفسانەیەك نیشانی جیهان بدەین، دڵنیام رۆژانی داهاتوو بۆ ئێمەیە، چونکە ئێمە بووین لەو کاتەی پێشمەرگە لە چیا خەباتی دەکرد، ئێمە سەرەڕای سەختیی بارودۆخەکە بە کەلتوور پشتگیریمان لە پێشمەرگە دەکرد.

**هەموو کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بە ئاسمانی و لۆکاڵییەوە بە هەموو شێوەیەک خەریکی ئەوەن کە کەلتووری میللەتانی دیکە بەسەر ئێمە فەرز دەکەن، ئێمەش بە سنگ فراوانییەوە پێشوازی لەم هەموو کەلتوورە جیاوازانە دەکەین**